

# بیرەوەرییەکانی کاغەزێک

موعتەسەم ساڵەیی
(کەرکووک)

ئێمە سەد دەستە خوشک بووین، کە هەموومان لە یەک تەمەندا بووین. لاتان سەیر نەبێت گەر بڵێم هەر هەموومانیش یەک قەوارە و قەد و باڵا و شێوە و ڕوخسارمان هەبوو. لەوانەیە لە سەرەتادا ئەم قسانەی من نەچن بە عەقڵی کەسێکی ئاسابییەوە. بە دووری نازانم کە هەندێک کەسانیش پێکەنینیان بە قسەکانمدا بێت و وەهای تێبگەن گوایە من وڕێنە دەکەم، یان لە قسەکانمدا زیادەڕۆیی دەکەم. گەر درێژەی پێ بدەم و لەسەری بڕۆم ئەوە دەڵێم کە هەر هەموومان سپی پۆش و ساف و بێگەرد بووین. لەو ڕۆژەوەی کە هاتینە دنیاوە هیچ کەسێک لەکەداری نەکردین و کەسیش دەستی بۆ درێژ نەکردین. دەتوانم بڵێم وەک بوخچەی نەکراوە هەرگیز دەقمان نەشێوا، ئێمە بەڕادەیەکی ئەوتۆ هاوشێوە بووین، تەنانەت کەس نەیدەتوانی جیاوازی لە نێوانماندا بکات. لێتان ناشارمەوە کە لە بواری ناوونیشانیشدا هیچ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانماندا نەبوو. ئەگەر تاک و تەنیا بووینایە پێمان دەوترا کاغەز، بەڵام بە گشتی پێکەوە هەر هەموومان ناومان دەفتەر بوو.

من لە نێوان ئەو سەد خوشکەدا لە هەمووان تەمەن کورتتر بووم، من لەوان دابڕام و ئەوانیش منیان بە لەنێوچوو و ونبوو دانا. لە خوشکە خۆشەویستەکانم جیا بوومەوە، ئیتر بۆ جارێکی تر چاوم پێیان نەکەوتەوە. چارەنووسی من وەهابوو کە لە تەمەنێکی کورتدا لە خوشکەکانم دابڕێم

و هەتا هەتایە بۆ جارێکی تر چاوم پێیان نەکەوێتەوە.

ڕۆژێک لاوێک بە پەلەپرووزێ هات و هەروەک ئەوەی شەڕ لەگەڵ هەمووماندا بکات، بە دەستێکی لەرزۆک پەخەمانی گرت و بە توند و تیژییەکی زۆرەوە ئەم دیو و ئەودیوی پێکردین، بەوپەڕی هەڵەشەیی و هەڵچوونەوە کەوتە تاووتووکردنمان. زمانمان نەبوو بێینە گۆ و هاواری بەسەردا بکەین و ئاگاداری بکەینەوە کە چیتر بەو ملهوڕییەوە دەستمان بۆ نەبات، ڕووی ساف و بێگەردیشمان نەلەوتێنێت و بەو شێوەیەش لەکەدارمان نەکات. ئەوەی لێی دەترسام و هەمیشە چەکەرەم لێ دەکرد ڕووی دا. بەدەستە لەرزۆکەکانی ئەم دیو و ئەودیوی پێ کردین و لەپڕ دەستی بۆ درێژ کردم و لە ڕەگوڕیشەوە لەبنا دەریهێنام. بەو شێوەیەش لە نەوەد و نۆ خوشکەکەم دووری خستمەوە و تووشی غوربەتی کردم.

ئەگەر زمانم هەبووایە هات و هاوار و ناڵەم بەرەو کەشکەڵانی فەلەک بەرز دەبووەوە. بێدەنگیم هەڵبژارد و نقەم لە خۆم بڕی و قسەم لەزار نەهاتەدەرێ. نەمدەزانی ئەو لاوە هەڵچووە چیم بەسەر دەهێنێت و چارەنووسم بەرەو کوێ دەبات. چاوم لێ بوو کە نەک دەستەکانی، بەڵکوو هەموو ئازای لەشی هەڵدەلەرزین، دەم و چاوە سوور هەڵگەڕاوەکەی بێ وچان ئارەقەی دەردەدا. نیگەرانی و بێ ئۆقرەیی زۆر بە ئاسانی بە ڕوخسارییەوە دەبینرا. لە ناخەوە هەستم بەو ڕاستییە دەکرد، کە ئەو لاوە شتێکی لێ قەوماوە و تووشی گرفتێکی ناهەموار بووە، بۆیە بەو شێوەیە شپرزە بووە و بە تەواوەتی ئارامی لەبەر بڕاوە.

لەسەر مێزی ژوورەکەیدا منی دانا و بە چاوە سوور هەڵگەڕاو و ئۆقرە لێبڕاوەکەیەوە کەوتە سەیرکردنم. جار و باریش تنۆکێک ئارەقە لە هەنیەی بەردەبووەوە و تەڕی دەکردم. بە توندی قەڵەمی بەدەستەوە گرت و کەوتە وێزەم. قەڵەمەکەی وەک خەنجەر لە نێو دەست و پەنجەی بێ ئارامیدا هەڵدەلەرزی. لەلایەکەوە ڕق و کینەم دەرهەق بە لاوەکە هەر لە زیاد بوون و هەڵکشاندا بوو، لە هەمان کاتیشدا بەزەییم بە حاڵیدا دەهاتەوە. ڕەنگ و ڕوخسارە شێواوەکەی نیگەران و دڵتەنگی دەکردم. جاروبار بە هەناسەسواری هەناسەیەکی قووڵی هەڵدەکێشا و هەستم بە گەرمیی هەناسەکەی دەکرد. فرمێسک لە چاوانی زابوون و زۆری پێ نەچوو تک تک فرمێسک بەسەرمدا دابارین و زیاتر تەڕیان کردم. بەدەست و پەنجە لەرزۆکەکانییەوە لەسەر ڕووبەرم دەستی بە نووسین کرد. ڕاستییەکەی نەمزانی چی دەنووسی و مەبەستیش لە نووسینەکەی چی بوو. ماوەیەکی زۆر ڕاما، پاشان نووکی قەڵەمی لەسەر سینەم توندکرد و هەرچییەک لە مێشکیدا گینگڵی دەخوارد، هەمووی بەسەر مندا هەڵڕشت.

وەها دیار بوو خەم و خەفەت و پەژارەی دڵ و دەروونی خۆی بە من بڕێژێت، هەموویشی لە دووتوێی مندا تۆمار بکات. بۆ ماوەیەکی زۆر پیشی خواردەوە و بەوپەڕی هەڵچوون و شپرزەییەوە کۆمەڵێک ڕاز و نیازی ناخی خۆی خستە سەر ڕوخسارە سپی و بێ گەردەکەم. هەرگیز نەمزانی چی نووسی و چ پەیامێکیشی داڕشت. هەر بە تەنیا ئەوەندە ئاگادار بووم کە لاوەکە لە ناخەوە دەکوڵا و ئێش و ئازار و ئەشکەنجەی دەچەشت، منیش لە ژێر نووکی قەڵەمە تیژەکەیدا بێ وچان ئاهوناڵەم بوو.

لـە ئاسـتی خۆمـەوە هەسـتم بـە ئێـش و ئـازاری ئەویـش دەکرد و دڵـم پێـی دەسووتا، لـە هەمـان کاتیشـدا ڕق و کینـەم دەرهـەق بـە ڕەفتـاری هـەر لـە زیادبوونـدا بـوو، بـەڵام ئـەو خـۆی بـێ باکانـە و بـێ بەزەییانـە نووکـی قەڵەمـی لـە جەسـتەی ناسـک و سـپیی مـن گیـر دەکـرد. جاروبـار پشـوویەکی دەدا و هەڵوێسـتەیەکی بـۆ دەکـرد، تـا سـەرلەنوێ بکەوێتـەوە نووسـین و هەڵڕشـتنی داخـی دڵـی خۆی بەسـەر منـدا. سـەرەنجام ئاهێکم هاتەوەبـەر و کێشـەکەم کۆتایـی هـات و لاوەکـە لـە کارەکـەی بـووەوە و کۆتایی بـە نووسـینەکەی هێنـا. کێشـە و ململانێـی بـێ وچانـی ژیـان و بـوون وەهـا دیـارە کۆتایـی پـێ نایـەت، بـەو ئاسانییەیش گرفـت و تەنگوچەڵەمـەکان سـەرنگوم نابـن. زۆری پـێ نەچـوو لاوەکـە هـەروەک ئـەوەی دوژمنێکـی کەوتبێتـە بەردەسـت پەلامـاری دام، بەهەمـان خەسـڵەتی پێشـووی ڕەفتـاری لەگەڵـدا کـردم، بـە توندوتیژییەکـی زۆرەوە قـەدی کـردم و منـی بـێ چارەی ئاخنییـە نێـو گیرفانـی خۆیـەوە، ئیتـر بـەو شـێوەیەیش کەوتمـە نێـو دنیـای تاریـک و نووتەکـەوە.

کاتێـک بـۆ جارێکـی تـر چـاوم بـە ڕووناکـی کەوتمـەوە، خۆمـم لـە نێـو فەرمانگەیەکـی میریـدا بینییـەوە. لاوەکـە منـی بـە تونـدی بەدەسـتەوە گرتبـوو. چەنـد کەسـانێک دەهاتـن و دەچـوون، یـان خۆیـان بـە ژوورەکانـدا دەکـرد. لاوەکـە لـە کابرایەکـی بەسـاڵداچوو نزیـک بـووەوە کـە لەبـەر دەرگەیەکـی دەزگەکـەدا کارمەنـد بـوو. هـەردووک کەوتنـە دەم و دوو. لـە سـەرەتاوە بـە چـاک و چۆنییـە گەرمەکەیانـەوە دیـار بـوو کـە ئاشـنای یەکدی بـوون و پێشـتر یەکدییـان دەناسـی. گوێـم لـێ بـوو لاوەکـە پرسـیاری ئاراسـتەی ئـەو کابرایـە کـرد و گوتـی:

– داخۆ ئێستا لە ژوورەکەیدایە؟

– بەڵێ.

– کەسی لەلا نییە؟

– نەخێـر، بـە تەنیایـە و لەسـەر کورسـییەکەی خۆی دانیشـتووە. کۆمەڵـە کاغەزێکی لەبەر دەسـتە و تاووتوویـان دەکات تـا بەڕێیـان بخـات. ئەگـەر حـەز دەکەیـت بچیـت بـۆلای، ئـەوە دەرگەکـەی کراوەتـەوە.

– نەخێـر نامەوێـت وەک ئـەو هەمـوو ماوەیـەی پێشـوو چیتـر سـەردانی بکـەم.

– گوایە بۆچی کار گەیشتە ئەم بەربەستە؟

– دەتوانیت لە خۆی بپرسیت..!

– ڕاسـتییەکەی مافـی ئـەوەم نییـە، بـە تەنیـا مـن بـرای مەسـڵەحەتم و هیچـی تـر. ئێسـتا پێـم بڵـێ چیـت دەوێـت؟

– دەمەوێت ئەم پارچە کاغەزەی بدەیتە دەست.

– هیوادارم بمبەخشیت و ئەم کارەم پێ نەسپێریت.

– تکات لێ دەکەم ئەم کارەم بۆ جێبەجێ بکە.

– گوایـە بۆچـی خـۆت ناڕۆیـت و کاغەزەکەتـی بدەیتـە دەسـت؟

– هـەروەک پێـم گوتیـت کار لـەکار تـرازاوە، ئەمەیـش دوا داواکاری و ڕاسـپاردەی منـە.

ئەنجـام کابـرای بەردەرگـە دڵـی نـەرم بوو، منیش لـە دەسـتی لاوەکـە دەرچـووم و کەوتمـە دەسـتی کابـرای خزمەتگـوزاری بـەر دەرگەکـە. کوڕەکـە بەڕێـی خۆیـدا ڕۆیشـت و کابـرای کارمەندیـش بـە سسـتی هەنـگاوی نـا، منـی گەیانـدە نێـو ژوورەکـە و گەیاندمییـە دەسـتی خانمێکـی جوانکیلـە، کـە بەغەمباریـیەوە بەسـەر کورسـییەکەیەوە بەرانبـەر بـە چەنـد کاغـەز و دۆسـێیەکی سـەر مێزەکـەی دانیشـتبوو. خانمەکـە بەدەسـتە نەرمەکانـی بەوپـەڕی میهرەبانـی و دڵسـۆزییەوە منـی ئـەم دیـو و ئەودیـو کـرد، بـەڵام دڵـی نەپووشـکا

یەکاڵام بکاتەوە و دێڕەکانی قەد و قامەتم بخوێنێتەوە. ئێستا بۆم دەرکەوت کە من دەوری پەیامێکم گێڕاوە، کە لە لاوێکی بێ ئارامەوە بۆ خانمێکی هێمن و ئارام ڕەوانە کراوم. بەو شێوەیەیش کارێکم کردووە کە بە هیچ ئەندازەیەک ویست و ئیرادەی خۆمی تێدا بەدی نەکراوە. خانمەکە بۆ چەند جارێک دەستی پێدا ساویم و هەر بەقەدکراوی هێشتمییەوە. هەرگیز نەمتوانی مانای ڕەنگ و ڕوخسار و هەڵچوون و داچوونی ناخی بەدی بکەم. بۆ ماوەیەک بە تاساچوو، وەک ئەوەی چەند بیرەوەرییەکی یاد کەوتبێتەوە. لەپڕ لە دەرگەی ژوورەکە درا و چەند کەسێک هاتنە ژوورەوە، ئەویش هاتەوە سەرخۆی و نیگای ئاراستەی ئەو کەسانە کرد. بە پەلەپروزێ هەر بەقەد کراوییەکەی خۆمەوە خستمییە نێو جانتا دەستییەکەی تەنیشتییەوە. سەرلەنوێ کەوتمەوە نێو تاریکییەوە.

لەپڕ بە ڕووناکی ئەو دوانیوەڕۆیە شاد بووم. دڵ و دەروونم گەشایەوە و لە تاریکی ڕزگارم بوو. نەمزانی لەنێو تاریکیی جانتاکەدا چەند سات و کاتم بەسەر بردبوو، بە تەنیا هەر ئەوەندە دەزانم کە لەنێو جانتا دەستییەکەی دری هێنام و لەنێو دەست و پەنجە نەرمەکانیدا جێگیری کردم. زڕەی بازنگە زێڕەکانی دەست و مەچەکی ئاوازێکی خۆشیان دەدایە بەر گوێم. بە قەراغ جادەکەدا دەڕۆیشت و جانتا بچووکەکەیش بەشانییەوە تەکەی دەهات. بێ پەروا منی ئەم دیو و ئەودیو دەکرد، وەها دیاربوو کە لە کاری ئەو ڕۆژەی فەرمانگەکەی بووبووەوە. هەورێکی تەنک ڕووی ئاسمانی داپۆشیبوو. بەردەوام ئۆتۆمۆبیل بەسەر شەقامەکەدا دەهاتن و دەچوون. تاک و تەرایش خەڵکی بەسەر شۆستەکەوە بە تەنیشتمانەوە ڕێگەیان دەبڕی. بایەکی سارد دەهات و بە ڕووماندا دەپژا. لەگەڵ هەنگاوەکانیدا منی یەکاڵا کردەوە. ڕوخساری شیرینی ئاراستەم کرد. بە چاوە ڕەشە گەشەکانییەوە کەوتە سەیرکردنی دێڕە نووسراوەکانی قەدی من. بەردەوام ڕێی دەبڕی و لە پردی خەباتی سەر خاسەی بەرانبەر قەڵا نزیک بووەوە. بەدەنگێکی نزم کەوتە خوێندنەوەی دێڕە نووسراوەکانی قەدی من:

(سەڵاوێک لە دڵێکی گەرمەوە بۆ دڵێکی ساردوسڕ..

خانمی بەڕێزم سەرەتا پیرۆزباییت لێ دەکەم. هیوای دواڕۆژێکی سەرکەوتووی پڕشنگدارتان بۆ دەخوازم. پیرۆزبایی لە خۆشی و شادیی نێوان تۆ و مارە لێبڕاوەکەت دەکەم. منی دڵشکاو و دەروون ڕووخاو، پەشیمانی خۆمت بۆ دەردەبڕم سەبارەت بەو ماوەیەی کە بەدڵسۆزی و نەزانی و ساویلکەییەوە گیرۆدەی خۆشەویستیت بووبووم. نامەوێت درێژە بە قسەکانم بدەم، یان هەموو داخ و کەسەری دڵی خۆمت بۆ هەڵبڕێژم، بۆ ئەوەی هەموو هەست و هۆشمت بە تەواوەتی بۆ یەکاڵا بکەمەوە، چونکی باش دەزانم کە تۆ لە گڕی ئاگر و بڵێسەی ناخم بێ ئاگا و بێ خەبەریت.. ئیتر بەو هیوایەی کە بتوانم یادەوەریت لە دڵ و مێشکمدا بسڕمەوە. بۆ جارێکی تریش هەرگیز چاوم بە چاوت نەکەوێتەوە و ببڕای ببڕ نەتبینمەوە.. لە کۆتاییدا بە تەنیا یەک داواکاریم لێت هەیە، تکایە بۆمی جێبەجێ بکەیت، ئەویش ئەوەیە ئەم نامەیەی من بە گڕی ئاگر بسووتێنیت و خۆڵەمێشەکەی بدەیتە بەر ڕەشەبا و سەرنگومی بکەیت.. ئیتر سپاس و بۆ هەتاهەتایی ماڵئاواییت لێ دەکەم..)

خانمەکە لە خوێندنەوەی ئەو دێڕە نووسراوانەی

قەدی من بووەوە. گەیشتە نێوەڕاستی پردەکەی سەرخاسە، هەڵوێستەیەکی بۆ کرد و بە تەنیشتی چەند منداڵێکەوە وەستا، کە بەسەر پردەکەوە سەیری ئاوی هەڵچووی نێو خاسەیان دەکرد. ئاوە لێخنەکە لەژێر پردەکەدا شەپۆلی دەدا، بەخێرایی بەرەو خوار دەبووەوە. وەها دیاربوو لە سەرەوە بارانێکی زۆر بارییبێت. کزەبایەکی سارد لە نێو خڕی خاسەوە هەڵیدەکرد و دەم و ڕووی من و خانمەکەی دەتوزاندەوە. کۆمەڵێک مەل و پەلەوەر بە ئاسمانی سەر ئاوەکەوە هەڵدەفڕین و ئەمسەر و ئەوسەریان دەکرد. خەم و پەژارەیەکی زۆر دایگرتم. ئەو لاوە هەڵەشەیە داوای لە خانمەکە کردووە کە بمسووتێنێت، پاشانیش خۆڵەکەوەکەم بدات بە دەم ڕەشەباوە..! داخی گرانم بۆ ئەو چارەنووسە ڕەشەی کە چاوەڕوانیم دەکات.. بۆچی منی سپی پۆش و بێگەرد بەو شێوە دڵتەزێنە کۆتایی بە ژیانم بێت !؟ گوایە دەشێت من لەم نێوەندەدا خۆم لە دەست بدەم و ببم بە قۆچی قوربانی.!؟ ئایا دەبێت تاوانی من چی بێت تا بەم شێوە ناڕەوایە بە ناهەق سزا بدرێم..!؟ ئای لەم بەدبەختی و چارەڕەشییەی خۆم و لەو ڕۆژە ڕەشەی کە تێی کەوتووم.. داخۆ بۆچی چارەنووسم وەهابوو کە ببم بە نامەی دڵداری، یان نادڵداری و ئاکامەکەم سووتاندن بێت.!؟ بۆچی نەبووم بە چەکێکی پارە و خەڵکی بمخەنە سەر دڵیان..!؟ گەرچی دەنگم ناگاتە گوێی کەس، بەڵام دەبێت هەر ئاهوناڵەم بێت و بۆ بەختی ڕەشی خۆم بکڕووزێمەوە.

ئەوەتا خانمەکە بە تەنیشتی منداڵە وردەکانەوە وەستاوە. بایە ساردەکەیش بێ وچان خۆی پێمدا دەکێشێت و جەستەم دەخاتە لەرزین. بەردەوام خانمەکە لە پەرژینی لێواری پردەکەوە دەڕوانێتە ئاوە هەڵچووە لێخنەکەی نێو خڕی خاسە، کە بەردەوام وەک دڵی عاشقان شەپۆل دەدات، سەرشێتانە بەرەو نادیار دەڕوات. ئای.. ئای.. ئای.. ئەوەتا خانمەکە بە تووڕەیی و توندوتیژییەکی زۆرەوە لوولی دام و لە نێو لەپیدا گرمۆڵەی کردم. دەستی هەڵبڕی و بۆ نێو شەپۆلە لیخنەکانی خڕی خاسەی تووڕ هەڵدام..! بەڕێی خۆیدا بەسەر پردەکەدا بەرەو ماڵی خۆیان تێی تەقاند..!

کەوتمە نێو شەپۆلی لافاوی ژێر پردەکەوە.. ئەی هاوار بە فریام بکەون خنکام.. خنکام.. خنکام.. م... م...

**نەپووشکا: ئەم وشەیە لە کەرکووک بەکاردێ، وشەیەکی کوردیی ڕەسەنە، بە واتای (ڕێی بەخۆی نەدا، دڵی ڕێی نەدا) دێت.**